بڵێ: ئیمانم بە اللە هێنا پاشان پابەندی ڕێگای ڕاست بە -ئیستیقامەتت هەبێت-

لە سوفیانی کوڕی عبد اللەی سەقەفیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا، ڕستەیەکم پێ بڵێ لە ئیسلامدا ؛ کە پرسیار لە هیچ یەکێك نەکەم سەبارەتی جگە لە تۆ نەبێت، فەرمووی: «بڵێ: ئیمانم بە اللە هێنا پاشان پابەندی ڕێگای ڕاست بە -ئیستیقامەتت هەبێت-».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم وأحمد) ڕیوایەتیان کردووە]

هاوەڵێك بەناوی سوفیانی کوڕی عبد اللە -ڕەزای خوای لێبێت- پرسیاری لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کرد ؛ بۆ ئەوەی قسەیەکی فێر بکات کە هەموو ماناکانی ئیسلامی لەخۆگرتبێت، وئەویش دەستی پێوە بگرێت وپرسیار لە کەسی تر نەکات سەبارەتی. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموو: بڵێ: باوەڕم بە اللە هێنا، واتا باوەڕم هەیە بەوەی تەنها ئەو پەروەردگار وخوا وخوڵقێنەر وپەرستراوی هەقە وتاکە وبێ هاوتا وبێ هاوبەشە، پاشان ملکەچ دەبێت بۆ گوێڕایەڵی خوای گەورە ئەمیش بە ئەنجامدانی فەرزەکانی اللە ودوورکەوتنەوە لە حەرامکراوەکان، وبەردەوام وپابەند دەبێت لەسەر ئەم ڕێبازە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65018